شێرزاد حەسەن، بۆ "رەخنەی چاودێر":

ئەو گوتارانەی لەمزگەوتەکانەوە دەردەچن رووی لەجوگرافیای ماڵەکانە کەتا هەنووکە لەسەر رەگەزپەرستیو جوداکاری پەروەردە کراون، لەسەر سەپاندنی فەزڵی نێر بەسەر مێدا، لەسەر ترسو فۆبیای مێ لەنێرو نێر لەمێ

سازدانی: ئاسۆ هاشم

بەشی نۆهەم

دەرئەنجامی تێکەڵکردنی ئایین بەژیانی رامیاریو کۆمەڵایەتیو سەرجەم جومگەو پانتاییەکانی دیکە بەتەواوی ئەو سنوورە دەسڕێتەوە کە شتە هەرە تایبەتییەکانی مرۆڤ لەشتە گشتییەکان جیا دەکاتەوە، جیانەکردنەوەی فەزای ئایین لەفەزای سیاسەت کەرێکخەری ژیانی مەدەنیمانە وا دەکات هەر هەموو کۆمەڵگا بەسەر دوو لایەنو جەمسەری دژ بەیەکو ناکۆک چاوی لێبکرێت، کە لەدواجاردا بەدووانەی (کافر/ ئیماندار)یان (موسڵمان/ نا موسڵمان) کۆتایی بێت، هەر بۆ نموونە من کە حەز دەکەم کورو کچەکانم لەقوتابخانەی تێکەڵ بخوێنن کافرو فاسیدم، براکەم یان دراوسێکەم کە دژی تێکەڵکردنە موسڵمانەو رەوشتبەرزە.

هیچ گومانی تێدا نییە کە پرۆژەی سەرەکی بزاڤە سەلەفییەکان کارکردنە لەسەر هێشتنەوەی پەیوەندییە کۆنو باوو سوننەتییەکەی نێوان ژنانو پیاوان، لەوەشدا گوتاری حیزبە ئیسلامییەکان، چ توندرەو بووبنو چ میانرەو، گوتارێکی ئاشکراو روونە، هێزی خۆی لەو میراتە رۆحیو فیکرییە وەردەگرێت کە تەمەنی لەهەزار ساڵ تێپەڕیوە، دیارە خودی سیاسەتکردن بەمانا هاوچەرخەکەی لەوڵاتی ئێمەدا، مێژوویەکی زۆر لەوە کورتتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ کارکردەیی ئایین لەناو کۆمەڵگادا، هەربۆیە بوونی چەند پرۆژەیەکی شەرمن لەسەر ئاستی گۆڕینی ژیانی مەدەنی ئێمە کە هەر هەموومان دەرکی دەکەین کە حیزبە دەستەڵاتدارەکان چەندە لەو بوارەدا هەژارو بێ دەمو پلن، جۆرە ژینگەیەکی دروستکردووە کە هەمیشە پارتیو یەکێتی بەشەرمو ترسو دڵە لەرزەوە قسە لەسەر سەرخستنی هەندێک پرۆژەی هاوچەرخ بکەنو جاروباریش لەبەرامبەر هێزە سەلەفییەکاندا پاشەکشێ بکەنو جارجارەش لەهەندێک خەونو خۆزگەو پرۆژەی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگا بکەونە نێوان دووڕیانی پەشیمانی یان مراندنی، هەندێکجاریش بانگەشەی دلێرانە بکەن بەوەی کە ئەوان لەحیزبە ئیسلامییەکان ئیسلامترنو کەس بۆی نییە لەبەرامبەر ئەواندا بازاڕی خۆی گەرمتر بکات، ئەم ئاوازەیان پتر لای سەرانی پارتی سەدایەکی بڵندتری هەیەو دووبارەو دەبارە دەبێتەوە.

بەگەڕانەوە بۆ مانشێتی هەفتەنامەی چاودێر - ژمارە (١٢١)ی بەرواری (٢٠٠٨/٦/٢٣) کە پەیوەست بوو بەسکاڵاو داوای ژمارەیەک لەمەلاکانی هەولێر کە تێکەڵکردنی کوڕو کچانی قوتابی لەقۆناغی بنەڕەتیو بەتایبەتی پۆلی حەوتەم بەبڕیارێکی دژ بە پرنسیپەکانی ئیسلام لەقەڵەم دراوە، زیندووترین بەڵگەیە لەسەر دەنگی دلێری کارەکتەرەکانی ناو ئایین کە لەماوەی حەڤدە ساڵ گوتارێکی ئاشکراو روون بووە لەبەرامبەر گوتاری حیزبە نەتەوەپەرستو عەلمانییەکان کە زۆربەی جار لێڵو تەماوی بووە. خودی گوتاری مەلاکان رووی لەوەزارەتی پەروەردەیەو لەهەمان کاتدا رووی لەو باوکانەشە کە رۆژی هەینی لەمزگەوتەکاندا کۆبوونەتەوە، باوکەکان کە هێشتا سەردارو ئاغای ماڵەکانی خۆیانن، ئەو گوتارانەی لەمزگەوتەکانەوە دەردەچن رووی لەجوگرافیای ماڵەکانە کەتا هەنووکە لەسەر رەگەزپەرستیو جوداکاری پەروەردە کراون، لەسەر سەپاندنی فەزڵی نێر بەسەر مێدا، لەسەر ترسو فۆبیای مێ لەنێرو نێر لەمێ، گوتارە ئاینییەکە بۆ وەئاگاهێنانی ئەو ترسە ئەزەلییەیە کە دەمانگێڕێتەوە بۆ (گوناهی یەکەم) کە نزیکبوونەوەی حەوا بوو لەئادەم بەفیتو فریوی شەیتان، گەمەکردنێکە لەسەر خەیاڵگەی باوکەکان کە چۆن فریوی شەیتان ئادەمو حەوای لە بەهەشت وەدەرنا، ئەمجارەیان تێکەڵکردنی کچو کوڕەکان ئەگەری تێکچوونی ماڵەکانو لەدەستدانی کچو کوڕەکانمان نزیکتر دەخاتەوە، هەربۆیە سەیر نییە، زۆرجاران لەئەدەبیاتی ئیسلامیدا، لەسەردەمی هاتنی ئینگلیزو کردنەوەی یەکەمین مەکتەبەکان لەعێراقو کوردستان قوتابخانە وەک (جێ راوگەی شەیتان) تەماشا دەکرا. لێرەوە مزگەوت لەسەر ئاستی میللی گومان لەئەخلاقی وەزارەتی پەروەردە دەکات کە هەیکەلێکی مەدەنییەو دەزگایەکی مۆدێرنە بۆ پەروەردەو فێرکردن، گوتارێکە کار لەسەر مانەوەی خێزان دەکات بەو پێکهاتە هەزار ساڵ تەمەنەی خۆی، گوتاری مەلاکان چەند قسەیەک نییە لەهەوادا بزر بێت، قسەو گوتارێکە بۆ کارکردنو بڕیاردان، هاوارەکەش بۆ هاندانی دایکانو باوکان بەوەی نەهێڵن جوگرافیای قوتابخانەکان دەستکاری بکرێن، چونکە مەترسی فەسادو شێوانی ماڵەکانی لێدەکەوێتەوە، تا هەنووکەو چەندین هەفتەی دیکەش ئەم هەواڵە نابێت بەمایەی نووسینو گفتوگۆی راستەقینە لەنێو دەیەها کەناڵی راگەیاندنی ئەو دوو زلحیزبە کە لەدونیادا وا باوە کێشەیەکی لەم بابەتە گەرمترین باسو خواسو دیبەیتو دیالۆگی شارستانیو عەقڵانیانە دادەمەزرێنێت.

بێگومان ئەم گوتارە کە ناکۆکو دژە بەبڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە پەنا دەبات بۆ کۆمەڵێک یاساو رێسای نووسراوو نەنووسراو بەو نیازەی سنورێک دابنێتو رێز بگێڕێتەوە بۆ قەدەغەکانو حەرامەکان کە لەناوئاخندا پشت ئەستوورە بە بەدەسەڵاتێکی رەهاو پیرۆزی خۆی کە دەمانباتەوە بۆ ئاسمانو بوارێک ناهێڵێتەوە کە دەکرێت بەرامبەرەکەی قسەیەکی دیکەی هەبێت لەمەڕ چەمکی ئەخلاقی کە بۆ ئەم سەرزەمینەو بۆ ئەم سەدەی بیستو یەکە مانایەکی تازەی هەبێت بێئەوەی قوتابخانەکان ببن بەتیاترۆخانە یان جێ راوگەی شەیتانو ماڵەکانیش بەسەر دایکانو باوکانی رەوشتپارێزدا کاول ببن.

دیارە ئەمجۆرە ترسو خوێندنەوانەو بیروبۆچوونانە بەتەنها لەو کۆمەڵگایانەی وەک ئەوەی ئێمە کاریگەری بەهێزی دەبێت کە ژیانی سیاسیمان وەک هەنووکە هەژارو بێ ئەرزشو دژ بەمەعریفەتەو کە تیایدا رێژەی نەخوێندەواریو لەهەمان کاتدا رێژەی نەخوێندەواری سیاسیانە فرە لەسەرەوەیە کە دیارە لەدۆخێکی وادا چەندفەتواو خوتبەیەک لای خەڵکی زۆر گەورترە لەوەی بگەڕێنەوە سەر هێزو توانا عەقڵیو فیکرییەکانی خۆیان بەشیکردنەوەی هەر بابەتو کێشەیەک لەژیانی رۆژانەی خۆیاندا.

ئەو نازو ئەو رۆحە نازەنینەی کە گوتاری مەلاکان هەڵگرییەتی لەهێزو سەردەستەیی سەرچاوەیەکەوە هاتووە کە بڕوبیانووی دینی لەسەر زارەو جۆرێکیشە لە بەهانەو ئەرگیومێنتی دەسەڵاتخوازانە کە توانای قایلکردنی بەرامبەرەکانی لەو دەقە پیرۆزانەو هەڵدەگۆزێت کە مەنتقی تایبەت بەخۆیان هەیە کە هیچ کاتێک بەلایانەوە گرنگ نییە لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆکەدا یەک دەگرێتەوە یان نا. هێزی گوتارە کە هەرچۆنێک بێت پەیوەستە بەپلەو پایەی ئەو کەسەی کە دەیدرکێنێتو بانگەشەی بۆ دەکات، لەپاڵ ئەو سەرچاوەیەی کەمێژووی پیرۆزییەکەی زۆر دێرینترە لەوەی بوارێک بۆ گومانو پرسیار بهێڵێتەوە کە بەمەنتقێکی هاوچەرخانە عەقڵانییەوە رەوایە.

رەخنەی چاودێر: لەکورتە رۆمانی (حەسارو .. سەگەکانی باوکم)دا کوڕی گەورە نەخشەی کوشتنی باوک دادەڕێژێت، پاش کوشتنەکە پەشیمان دەبێتەوە. ئایا ئەم پەشیمانییە پەشیمانبونەوەیەکی رۆحی بوو لەنێوان کوڕو باوک یان ئەو پەرتەوازە بوونەی خوشکو براکان بوو کە هەریەکەیان دوای هەوەسی خۆی کەوت؟

شێرزاد حەسەن: (حەسارو.. سەگەکانی باوکم) گوزارشتە لەترسی ئێمە لەئازادی، ئەو ترسەی کە لەرۆحدا جێگیر دەبێت لەدوای زیندەگی سەدەها ساڵ لەبەندەواریو کۆیلە بوونو ژێر دەستەیی. راهاتنی مرۆڤە لەگەڵ ئەو دیلییەی کە لەگەڵ تیپەڕینی رۆژگارێکی دوورو درێژدا مرۆڤ، چ مێ بێتو چ نێر، لەگەڵ ئەو کۆیلە بوونەی خۆیدا رادێت بەجۆرێک کە لەهاتنی ئازادی دەترسێت. نوسینی ئەم دەقە بەر لەراپەڕینەو هیچ دەقێکی دیکەی من ئەوەندە پەیوەندی بەپێشبینی ئەو ترسەی منەوە نەبووە لەمەڕ پرسی ئازادیو کۆیلەبوون. لەڕاستیدا ساڵانێکی زۆر بیرم لەوە دەکردەوە دەقێک بنووسم گوزارشت بێت لەرۆحی چەوسێنەرو ستەمکارو دوژمنکارانەی باوکە عەرەبییەکانو تورکییەکانو فارسییەکانو کوردییەکان، لەسەر ئاستی سیاسیو کۆمەڵایەتی، من بۆ خۆم لەو دەقەدا دەنێو خانەوادەیەکی کوردیدا گەمەی نووسین بەڕێوەدەبەم کە هاوشانە بەهەر هەموو دونیای ئێمە، قسەکردنێکە لەسەر خەساندنی رۆحیو جەستەیی کچو کوڕەکان، ترساندنو شەرمن کردنیان، دیارە تەماعەکەی من لەو گەورەتر بووە، چونکە حەساری کۆیلەکانو بەندەوارەکان لەهەموو دونیادا، لەقۆناغی جیاوزی مێژوودا هەبووە، میللەت نیە کاری لەسەر کوشتنی رۆحی منداڵەکانی خۆی نەکردبێت، چونکە هیچ دەسەڵاتێک نییە بەدەر لەچەوساندنەوەو هارینی کچو کوڕەکانی خۆی، بەتایبەتی کە بەناوی خوداو ئایدیۆلۆژیایەکی پیرۆزو رەهای ئاسمانی یان سەرزەمینی دەیەوێت تەختو تاراجی خۆی توندوتۆڵ راگیر بکات، ئەوکاتەی دەیەوێت سەوڵەجانەکەی بەزەوییەوە داکوتێو مرۆڤەکان وەک مێروولە پیایدا هەڵبگەڕێن.

بۆ من راپەڕین جۆرێک بوو لەڕمانی (حەسار) بەواتایەکی دیکە قەڵای ستەمی باوکێکی عەرەبی یان بیانی، بەڵام رمانی (حەسار) و روخاندنی بەندیخانەکانی دەرەوە نەیگەیاندین بەرماندنو لابردنی زیندانەکانی ناو رۆحی خۆمان، ئازادی بەتەنها دەرکردنی زیندانییەکان نییە لەبەندیخانەکان، بەڵکو ئازادکردنی رۆحەو وەدەستهێنانەوەی شکۆمەندیو ویستە - ئیرادە-ی ژیانو دۆزینەوەی مانایەکی تازەیە کە هەموو شۆڕشو راپەڕینێکی نوێ دەیخوازێت. تارماییو ترسی باوکێکی دکتاتۆری عەرەبی رەوییەوە، بەڵام تارمایی باوکە کوردییەکان بەرۆحێکی خواهانەوە قەڵاو قوللەو حەساری دیکە دروست دەکەنەوە، (باوکە کوردییەکان چ لەناو خێزانەکان بووبنو چ لەناو قوتابخانەکانو چ لەناو مزگەوتو چ لەناو خانۆچکەکانی حیزبو سەربازخانەو باقی خانەکانی دیکە کە دەزگاو مۆڵگەی پەروەردەکردنی کچو کوڕەکانمان بوون، هەمیشە ئێمەیان بەپرۆسەیەکی خەساندنو ترساندنو لێسەندنەوەی ویستو شکۆمەندیدا بردووە)، دروشم و بانگەشەی حیزبەکان بە بەرپاکردنی دیموکراسیو خۆشگوزەرانیو بە (دوبەی کردنی کوردستان) راکێشانی پردو بەرزکردنەوەی باڵەخانەکان مانای ئاوەدانیو شارستانی ناگەیەنێت، لەکاتێکدا رۆحەکان هەژارو بەتاڵو ترسنۆک بن، (بەرزکردنەوەی باڵەخانەکان لەسەر حیسابی چکۆلەکردنەوەی مرۆڤەکانو بەگرگن بوونیان هاوکێشەیەکی نامرۆڤانەو نایەکسانە) ساڵ بەساڵ ترسی سەرکردەکانو دەسەڵاتدارانو ئاغاکانی سیاسەت لەئازادی پتر دەبێت، ئەو ترسە بەئاشکرا دیارە لەدوای مۆرکردنی پەیمانی ستراتیژی نێوان پارتیو یەکێتی کە سانسۆرە چاودێری دەخەنە سەر نووسینو قسەی ئەندامەکانی خۆیان، پەراوێزی ئازادیش کە ژمارەیەک لەرۆژنامە ئەهلییەکانو چەند کەناڵێکی دیکەی نیمچە سەربەخۆ لێی بەهرەمەندن خەریکە بەرتەسکتر بکرێتەوە، هەڵبەتە تانەو تەشەرو ئازاردانی چەندین کەسایەتی سیاسیو غەیرە سیاسی، بەڕاستو بەدرۆ لەدوای راپەڕین -دوە بووەتە دیاردە، بەڵام ناکرێت ئەوەیان بکرێتە بڕو بیانوو بۆ خنکاندنی هەرهەموو دەنگەکان پێکەوە. دوای حەڤدە ساڵ باوکە کوردییەکان نەیانتوانی ببنە مۆدێلێکی جوان بۆ بەڕێوەبردنی خەڵک بە بەڵگەی ئەوەی کە نەوەیەکی تازە پەیدا بووە کە بەتەواوی کارکردەی سیاسەت بەم رۆحە بێباکو کەمتەرخەمە توانی بەیەکجاری لەخاکو خەڵکی خۆی بتۆرێت، هیچ ئینتمایەکی لەلا نەمێنێت، هەڵبەتە بۆ ئەوەش نەبوونی پرۆژەیەکی راستەقینە لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە بۆ وەڵامدانەوە بۆ خەونو خۆزگەو حەزەکانی ئەو کچو کوڕانەی وڵات وایکردوە کە ئەم نیشتمانە ببێت بە (حەسار) و هەر هەموو کچو کوڕەکان خەون بەڕمانی ئەو حەسارەوە ببین، دەنا مانای چییە کۆچو رەوی هەزاران گەنج لەدوای راپەڕین - دوە رۆژ بەرۆژ لەزیادبووندایە؟ پرۆژەو خەونی کوشتنی باوک گەر لەواقیعدا بوونیشی نەبێت، دەنێو خەیاڵدا جۆشو خرۆشی هەیە، گەر بەمانا رەمزیو تەعبیرییەکەشی بێت. دەکرا لەدوای راپەڕینەوە، هەر لەساڵی یەکەمدا کار لەسەر رۆحی شۆڕشگێڕانەی ملیۆنەها لەگەنجو پیری کورد بکرێت بۆ سەرخستنی داواو هاواری ئازادی، وەلێ ترس لەئازادیو نەبوونی ئیرادە لەلایەن سەرانی حیزبەکانو دەسەڵاتدارانی کورد ئەو رۆحە گەرمەی نەک هەر سارد کردەوە، بەڵکو کوشتیان، ئەوان خۆیانو ئەو هەموو خەڵکەیان بردەوە ناو حەسارەکان، هەڵبەتە ئەو رۆحە ترسنۆکو شەرمنە بەرهەمی کارگەکانی پەروەردەکردنی ئێمەیە کە میراتێکی هەزار ساڵەیە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەرێ ئێمە رۆحێکی مەزنو کوردانەمان هەیە، رۆحی باڵاو مەزنی نەتەوەیەک یان رۆحی ئێمە تەبەعیو کلکو پاشکۆی رۆحێکی عەرەبییە کە بەناوی ئیسلامەوە پتر لەهەزار ساڵە سواری رۆحی ئێمە بووە کە دواجار رۆحی بەندەواریو کۆیلە بوونێکە کە تا هەنووکە هەوڵێکی رۆشنگەرانەو رابوونێکی سەراپاگیرمان نییە بۆ کارکردنی لەسەر ئازادی ئەو رۆحە ئیفلیجو کۆتو بەندکراوە.

ئەوەیان قسەکردن نییە دژ بەئیسلام وەک سرووتو بیروبڕوا، بەڵکو مەترسی لەکۆیلەکردنو ملکەچ پێکردنی میللەتێکە کە گوێڕایەڵی فەرمانڕەواکانیان بن، جا چ ستەمکار بنو چ مرۆڤپەروەر، داوایەکی وا (واطیعوا اولی الامر منکم) بەدرێژایی سەدەها ساڵ بووەتە پاساو رێسایەکی پیرۆز، چونکە خودی فەرمانڕەواکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە سێبەری خودان لەسەر زەوی، هەڵبەتە رۆژئاوای عیسا پەرستیش مێژووی سەدەها ساڵی هەیە لەمەڕ ملکەچی بۆ دەستەڵاتدارانی بەیارمەتی کارەکتەرەکانی کلێساکان.

شتێکی تازەو سەیر نییە گەر بڵێین چ باوکەکانو چ مامۆستاکانو چ مەلاکانو چ ئەفسەرەکانو چ سەرانی حیزبەکان دەنێو کۆمەڵگایەکی وادا کە هێشتا قۆناغی دەرەبەگیو شوانکارەیی تێپەڕ نەکردووە بەو رۆحە زاڵو ستەمکارە گەورە دەبن کە هەڵگری هەموو مۆراڵو مۆرکەکانی دیکتاتۆرییەتە، لەوڵاتی ئێمەداو دەنێو هەر خانەو شوێنێکدا کە کەمترین مومارەسەی دەسەڵاتی تێدا بێت، هەر لەدەرگاوانێکەوە تا دەگات بەسەرۆکی حیزبو سەندیکاو دەزگاو رێکخراوێکدا هەست بەو نواندنی هێزیو دەسەڵاتی دەکەیت، وڵات سیخناخە بەکەسانی (سادۆ - ماسۆشی) کە هەم لەزەت لەوە دەکات ئازاری کەسانی دیکە بداتو هەم چاوەڕێ دەکات خۆی ئازار بچێژێت کەزۆرجاران چێژ بەخشە بۆی، دیارە مەبەستم لەو رۆحە نەخۆشو ماندووەیە کە دەنێو ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو لەهەر هەموو بوارەکانی کارو پیشەو کارگێڕیدا بەهەزارەها لەو جۆرە کارەکتەرانە دەدۆزینەوە،

لە (حەسار) ئەو گەمەی ستەمو خەساندنە لەڕووی رۆحیو جەستەییەوە بەسەر هەر هەموو کچو کوڕەکانیدا دەسەپێت تا دەگات بەپشیلەو باقی گیاندارەکانو مەلەکانی ناو تەویلەو کولانەو قەفەزەکان، باوک جگە لەخۆی کەس بەنێرەوز نازانێت. منداڵەکان دنیایەکی دیکەیان نییە لەدەرەوەی ئەو حەسارە، ئەوانەشی کە سەرهەڵدەگرنو لەحەسارەکە هەڵدێن، گورگان خورادوو دەبن، کچەکان کە هەمیشە کارگەرن بۆیان نییە خەونی خۆشیش ببینن، باوکە ئەوەندە گومانو مەراقی پیسە کە چاودێری خەونەکانیشان دەکات، لێرەدایە نۆبەرە بەیارمەتی چکلۆترین ژنی باوک نەخشەی کوشتن دادەڕێژێت، لەڕووی جەستەییەوە باوک کۆتایی دێت، وەلێ رۆحی زاڵو میراتی چاندنی ئەو ترسە قووڵە لەرۆحی کچو کوڕەکانیدا هەرگیز کۆتایی نییە، رۆحی مەزنو پیرۆزی باوک بەهەموو هێزو دەسەڵاتی رەهاو پیرۆزو خواهانەی خۆیەوە سێبەر بەسەر حەسارەکەدا دەکێشێت، حەسار دەڕمێتو مرۆڤەکانو مەلەکانو ئاژەڵەکان بۆیان هەیە ئازاد بن، وەلێ رۆحی کۆیلەو بەندەواری ئەو بوونەوەرە ئاوەزدارو بێ ئاوەزانە مەحاڵە سەربەستی بخوازن، چونکە مێژوی درێژی دیلبوون دەنێو حەسارو زیندانەکان وایان لێدەکات لەئازادی بترسن، کوڕەکە کە نۆبەرەی خانەوادەکەیە تەنها ئەوکاتە لەخەونو پرۆژەی کوشتنەکە پەشیمان دەبێتەوە کە دەزانێت خوشکو براکانی، مەلەکانو هەر هەموو گیاندارەکان بەڕەوەو مێگەل دێنەوە ناو حەسارو خشت بەخشت دروستی دەکەنەوە. ئەوەیان گەڕانەوە نییە بۆ پیرۆزی باوکەکانو دەسەڵاتی خواهانەی، بەڵکو ترسی هەمووانە لەئازادی کەنازانن چی تێدا بکەن، ئازادی بەتەنها خەیاڵێک نییە، بەڵکو جوڵەو کردەیەکە دەنێو زەمەنێکو شوێنێکداو لەتەک کەسانێکی وەک خۆت ئازاد، بێ دوو دڵی دەیڵێم ئەوەیان رێکوو راست دۆخی ئێمەیە دوای راپەڕین، دۆخی ترس لەئازادیو ئەستەمبوونو مەحاڵبوونی رزگاریو رماندنی زیندانەکانی ناوەوەمان، هەڵۆیەکو پڵنگێک هەر بەغەریزە مومارەسەی ئازادی دەکەن گەرچی پرپش بن لەترس، بەڵام مرۆڤ پێویستی بەعەقڵێکی ئازادو رۆحێکی ئازاد هەیە تا گەمەکانی سەربەستی بباتەوە، بەڵام عەقڵێکی ترسنۆکو رۆحێکی کۆیلە حەسارەکانو قەفەزەکانمان لەلا خۆشەویست دەکات، گەر کوردان لەهەر چوار پارچەکە، چ پێکەوەو چ هەر پارچەو بەتەنیا، داوای ئازادیو سەربەخۆیی بکردایە، نیو ئەوەندەی لێ نەدەکوژرا کە بەدرێژایی مێژووی خۆی جۆگەلەو رووباری خوێنی داوە.

گرفتی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە دەنێو ماڵەکانی خۆماندا وەک باوکو دایک، لەناو مەکتەبەکاندا وەک مامۆستا، وەک مەلاو شێخ دەنێو مزگەوتو تەکیەکاندا، وەک سەرکردەو بنکردە دەنێو حیزبەکاندا تا هەنووکە نەمانتوانیوە کچو کوڕەکانمان بەعەقڵێکی ئازادو رۆحێکی ئازاوە پەروەردە بکەین. چ زۆرن کارگەکانی بەرهەمهێنانی ملهوڕیو دەبەنگیو ترسو شەرم■

شێرزاد حەسەن

فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی

رمانی (حەسار) و روخاندنی بەندیخانەکانی دەرەوە نەیگەیاندین بەرماندنو لابردنی زیندانەکانی ناو رۆحی خۆمان، ئازادی بەتەنها دەرکردنی زیندانییەکان نییە لەبەندیخانەکان